هەژدە ڕۆژ بەسەر ڕفاندنی ڕۆژنامەنووس و هەواڵساز سلێمان ئەحمەد تێدەپەڕێت

هەژدە ڕۆژ بەسەر ڕفاندنی ڕۆژنامەنووس و هەواڵساز سلێمان ئەحمەد تێدەپەڕێت. لە ڕۆژی دووشەممە (23ـی تشرینی یەکەمی 2023)، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد لە دەروازەی (سەملکا - فیشخابوور) کاتێک لە سەردانێکی خێزانی دەگەڕایەوە سلێمانی بە شوێنی کارەکەی ڕفێندرا.

ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری ئاژانسی ڕۆژنیوز سلێمان مەحەمەد ئەحمەد لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا سەردانی خێزانەکەی کرد لە شاری حەلەب لە سوریا، دوای مردنی باوکی مەحەمەد ئەحمەد لە تەمەنی 66 ساڵیدا.

لۆلایەن خێیەو، ئاژانسی ناوبراو لەسەر دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "سلێمان لۆلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕفێندراوە لە کاتی گەڕانەوەی لە سوریا لە دەروازەی فیشخابور و 18 ڕۆژ لەمەوبەر بە تەواوی پێوەندیی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس پچڕاوە، دوو هەفتە دوای ڕفاندنی سلێمان، هێزە ئەمنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دهۆک لە بەیاننامەیەکی درێ و گوماناویدا کە تیایدا دانیان بە ڕفاندنی سلێمان نا و هەڕەشەیان لە سزادانی ڕۆژنامەنووس سلێمان کرد".

شایەنی باسە، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد خەکی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان، بەهۆی داگیرکردنی

شارەکە لە ساڵی 2018 لەلایەن تورکیاوە، بە ناچاری لەگەڵ خەزانەکەی چوونە پارێزگای حەلەب و لە ڕۆژی 23ـی تشرینی یەکەمی 2023 لە دەروازەی (سەملکا - فیشخابوور) کاتێک لە سەردانەکی خەزانی دەگەڵیا یەوە سلەمانی بە شوێنی کارەکەی ڤەندرا.